کات سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، چەند مانگێکە جەنگی کەنەپەرستانەی نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرساوە، خەڵک بە لەشاو بەرەو بەرەکانی جەنگ بەرە دەخرێن. جگە لە ژنان و منداڵان و قووتابیان و کارمەندی دەزگاکانی خزمەتگوزاری و پەروەردە، ئیتر تەواوی کەمەڵگە سەربازە و خراوەتە ئامادەباشییەوە. شوێن لە ووبەری چیرۆکی تەنها حەوت هەنگاو گەڕەکی ڕەحیم ئاوا ی شاری کەرکووکە و بە تایبەتیش جادەی گشتی کەرکووک – هەولێر. ئەم جادەیە ئەم گەڕەکەی کردەتە دوو بەشەوە. بەشی باکووری جادەکە لە ڕەحیم ئاوای کۆن و عەرەسکە و تا دەگاتە گەڕەستانەکەی ڕەحیم ئاوا درێژ دەبەتەوە و بەشی باشووریشی لە خانووەکانی شەریکەی نەوت و مامۆستایان تا دەکات بە گردەکەی تەپە شار بەتەوە. لەووی هونەری تەلارسازییەوە بەشی باشوور خانووەکان جوانتر و گەڕەکان پاکتر بوون، چونکە لانی کەم زەربەی ئەوانەی لەو گەڕەکانە دەژیان خوێندەوار بوون و ئاگایی کەمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییان لە ئاستێکی باشدا بوو بە بەراورد بە بەشی باکوور.(٣) ” ژمارەی هەنگاوە گەورەکان تەنها چوار هەنگاو بوو چواری گەورە و حەوتی ئاسایی بەهەشت و دەزەخ لێک دادەبڕێنن. لەگەڵ ماڵ ئاوایی کردنی دوا هەنگاو تیشکی ونا کی لە دەرگای تاریکی دەدات و خەی دەکوتێتە ژوورەوە جیهانی بەهەشت بەخەبەر هاتن لە تەماشاکەرانی پشانگای شەقامە پاکەکانی دەکات، لە تابلۆکانی ئەوە دا وێنەی ئەتەمبیلی نایاب و خانووی جوان و شەقامی پاک و کچی ناسک و نازدار بەرچاوی تەماشاکەرانی دەکەوە کە حەزی هونەرمەندی تابلۆکان لەچەند ڕەنگێکی نامۆ جیهانێکی وای هەناوەتە کایەوە، تەنها حەوت هەنگاو پشانگای ئەو تابلۆ ڕەنگ و پەکانە لە جیهانی ئازار و تەکشان و جگە چپاوی گەورەتر لە خەی خاسە لە یەک جوە دەکاتەوە.”(٤) لەم دیمانەوە یەک : نووسەر یان چیرۆکنووس لەم دەقە ئەدەبییەدا هەڵگەی تەوانینێکی چەپ بووە و هەر لەو دیدگا و دنیابینییەوە تەماشای

ژیان و دیاردەکان و کۆمەڵگە و ئینسانی کردووە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە چیرکنووس حەتمەن دەبێ کەسێکی مارکسیست یان سۆشیالیستخواز بووبێ، نەخێر. هەڵگری تەوانینی ناسیونال – چەپ بووبێ. ئەمە کۆشەی ئەمە و خوێنەریش نییە. ئەمە تەنها لە فەزا و ئاتمۆسفیری چیرکەکەوە هەڵوەست و تەوانینی نووسەر دیاری دەکەین

دوو : خودی جیهانبینییەکە دنیابینییەکی شەڵشگێرانە نییە و هەوانگەی سۆشیالیتی یان مارکسیستی زاڵ نییە بەسەریدا، بەڵکو دنیابینییەکی زیاتر پۆپۆلیستییە. چونکە نووسەر پەی وایە خەبات و تەکۆشان تەنها لەنێو کوخ و خانووە نزمەکاندا بوونیان هەیە. " تەنها حەوت هەنگاو بکەشم و بگەمەوە پێش سەدیەک حەوت هەنگاو ئەمگەیەنێتە سادەیی سروشت و سادەیی مرۆڤ و ژیانی پڕ چەرمەسەری و تە کۆشان، ئەو ژیانەی کە لە سەرەتاوە بەم دانراوە و لە ی هاتووم، ژیانی ڕەش و هووتایەتی."(٥) نووسەر پێی وایە خانووکانی سەر شەقامە پاکەکان، کچانی ناسک و نازدار، خوێندەوار و ڕۆشنبیر و مامەستا و تەنانەت کرێکارانی کەمپانیای نەوتیش، شەڵشگێڕتی و کار و چالاکی شەڵشگێڕانەیان لە ناوەشێتەوە. لەکاتێکدا کرێکارانی کەمپانیای نەوت بەپێی مەوقیعیەتی کارکردنیان کە شادەماری ئابووری وڵات بەڕێوە دەبەن، نەک هەر کاری شەڵشگێڕانەیان لە دەوەشێتەوە، بەڵکو گەر ئیرادە بکەن و بیانەوی دەتوانن چەرخی نیزامی سەرمایەداری لە عێراق ڕابگرن. وەک لە ساڵی ١٩٤٦دا مەژووی خەباتی چینانەتی عێراقیان بە مانگرتنی گاورباغی نەخشاند. لە لایەکی تریشەوە ڕابەری خەباتی چینایەتی جیهانی و بەرزترین خەباتی کەمۆنیزم (کارڵ مارکس) خەی کرێکار نەبووە و هەرگیز بەژێک بە جلی کۆن و کرێکاریەوە نەچووە بە ئیشکردن و چەند پاوەندە بە جینی هاوسەری و منداڵکانی بەدەست بهێنێت. بەڵکو مارکس ڕۆشنفکرێکی سەردەمەکەی خەی بووە بەڵام لە مەوقیعیەتی چینایەتی کێکاراندا بووە. بەیە چیرکنووس نێتوانیوە قامکی بخاتە سەر دەرد و مەینەتەکان و دەستنیشانکردنی ڕێگاچارەی گەنجاو و عەمەلی بە ئەو نهامەتیانە. ئەویش نەک لەبەر ئەوەی چیرکنووس لەو سەردەمە قووتابی زانکە بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو هۆشیاریە چینایەتییەی کە دەبوو لەبەردەستی بە، لەبەر دەستی نەبوو.

سێ : چیرکنووس کۆشکان و واقیعەکان دەبێنە بەڵام بە ناڕۆشنی لە هەزکان و سەنگەرە چینایەتییەکان دەڕوانێ. ئەو هەزکان و

ململانێکانیان لەسەر بنچینەی دابەشبوونی جوگرافیا دابەش دەکات، نەک لەسەر بنچینەی پەیوەندی نەوان کار و سەرمایە. چیرەکنووس لە ڕاستیدا نە هەڕە واقیعییەکان و نە سەنگەرە چینایەتییەکانی نەبینیوە. هەر بۆیە بەشێک لە هێزی واقیعی چینایەتی کرێکارانی عێراق و کوردستان بە بەرەکەی ئەوبەر دەزانێ. ئەم ئاحاڵییبوونە بە دەستی ئەنقەست نەخراوەتە ڕوو، تا خەڵکی بکاتە چاوی خوێنەر و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان، بەڵکو لە ڕێژەیی ئاستی تێگەیشتنی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

چوار : نووسەر بچووکترین دژەکردار لەئاست ئەو واقیعە نانوێنە و ئەمەش بەڵگەی ناشارەزاییەکی تەواوە. واتە نووسەر و حیکایەتخوان کە هەردووکیان یەکن جگە لە گەڕانەوە و نیشاندانی دەخەکی تایبەت بەئەوەی بچووکترین هەنگاو بنێ بە دەستکاریکردنی، کەتایی بە چیرۆکەکە دێنێ بەوەی کە دەگەڕێتەوە ئەمبەر و دەچێتەوە ناو هەلومەرجە دژوارەکەی خۆش و ووتەکان. ئەمە جارێکە لە تەسلیمبوون بە واقیع. تەسلیمبوون بە بۆئیرادەیی و تەبلیغات و پەوپاگەندەی چینی بورژوازی لەوەی کە دەڵێ هەژاری و دەوەمەندی هەر لە ئەزەلەوە بوونیان هەبووە و هەیە. لەڕەوە پەنا نەبردن بە کردار و یاخیبوون، هەوڵنەدان بە گۆڕینی ئەو واقیعە، نووسەر دەخاتە خانەی پاسیفیستبوونەوە. لەکاتێکدا نووسەر بە جیددی هەوڵی داوە پاسیفیست نەبێ و لەئاستی ووداوەکان بێت.
لەڕەوە دیسانەوە دەگەینە سەر ئەو شاهیدەی کە بەهین جیهانبینی چیرۆکنووس لە هەوڵدان بە نیشاندانی جیاوازی چینایەتی نەوان ئینسانەکان جێی پشتیوانییە و لەهەمان کاتیشدا لە هەڵبژاردنی ماتریاڵەکانی ئەو نیشاندانە نایتوانیوە ئامانج بپێکێ و بگات بەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێ.

ئەدەب و پەیامی سیاسیی

ئەدەب وەک چالاکییەکی فیکریی ئینسان هەمیشە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی جیاوازەوە دەتە نمایش کردن. لەوتەی کەمەڵگەی مرۆڤایەتی دابەش بووە بەسەر دوو چینی دژ بە یەک، شوناسی ئەدەبیش لەسەر بنەمای ململانێی نەوان ئەو دوو چینە دەتە پێناسەکردن. بە واتایەکی تر ئەدەبێک نییە غەیرە چینایەتی بێت. چونکە لە کەمەڵگەیەکدا کە ئێستا ئێمە بە ناچاری ژیانی تێدا بەسەر ئەبەین و لەسەر ناکۆکی چینایەتی و دەسەڵاتی چینایەتی بنیاتنراوە، توانای دەربڕینی هەستە پێتییە مرۆییەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی خەمان بە کەسانی دیکەوە بەئادەیکی یەکجار کەمە.(٦). بۆیە لەم

سەردەمی سەرمایەداریی‌ی کە ئەمڕۆ مەرکی خۆی بە هەموو شتێکەوە ناوە (بەسەردەمی نووسینی چیرۆکەکەشەوە)، ئەدەب و هونەر یان سەرمایەداری(بەرژوازی) یان کرێکاریە. بەپێ ئەو ئەدەبی کە گوزارشت لە واقیعی خەبات و ململانێی چینایەتی کرێکاران دەکات لە دژی سەرمایەداران بە ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانە دەتە ئەژمار. ماهیەتی ئەم ئەدەبە شۆڕشگێڕە هەڵگری جۆرێکە لە پەیام کە تەدەکشی هۆشیاری چینایەتی خوێنەر یان کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرێتە سەر. لە چیرۆکی (تەنها حەوت هەنگاو) چیرۆکنووس هەوڵیداوە پەیامی ئەدەب بە شێوەیێکی هونەرییانە بگەێنێ، بەڵام گرفتێکی لێوەدایە نەیتوانیوە ئەو ئەنجامە بپێکێ. چونکە " ئەدەبی کرێکاریی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارە هەوڵیش دەدات لەژێر سێبەری خەباتی کرێکاری لەسەر ئەو ئایکۆنانە کار بکات کە ڕەمزیان هەیە لەبەردەنپشەوەی خەباتی چینایەتی."(۷). چیرۆکنووس ویستوویەتی بەشدار بوونی کارای خۆی لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵیزمی کەمەڵگەی کوردستان لەڕێگەی نووسینەوە بباتە پێشەوە. ئەم دەقەش جوانترین گەواهییە لەسەر ئەو بەشداریەی عەبدوڵا ئەحمەد سادقی چیرۆکنووس. (۸)
چیرۆکنووس تێکۆشاوە باسی نا دادپەروەری بکات، باسی جیاوازی نێوان ئینسانەکان بکات، باسی دوو دنیای تاریک و ڕووناک بکات کە هەردووکیان لەسەر یەک سەرزەمین بوونیان هەیە. بەڵام جێی داخە چیرۆکنووس بۆئەوەی لە ماناکانی دادپەروەری و خەبات و تێکۆشان و شۆڕش لە تێوانینی چینایەتی کرێکارانەوە گێشتبێ، ئەو کارەی کردووە. ئەمەش ئەو ئاریشەیەیە کە لە گێاندنی پەیامی سیاسیی دەقەکە هەست پێدەکرێت.

ئەم چیرۆکە لەڕاستای هەستەنگاندنێکی بابەتیانەوە، دەتوانین بڵێین کە هەوڵێکە لەپێناو فەراهەمکردنی زەمینەی پرسیارکردن لەسەر ناعەدالەتییەکانی نەو کەمەڵگە و ژیان. هەوڵێکە بە نیشاندانی ڕووی دزێوی ژیانێک کە سەرمایەداری بێ بەرهەم هێناوین. بەڵام نەیتوانیوە بەهۆشنی و بە قووڵی ڕەبچەتە نەو بابەتەکەی. بە واتایەکی تر نەیتوانیوە پێنج بخاتە سەر ئەسڵی بابەتەکە.

دەربارەی فۆرم و زمان

لە "تەنها حەوت هەنگاو"دا، حیکایەتخوان کەسی یەکەمی تاکە (من)، کە لە ڕەگەی وتووژ لەگەڵ خۆیدا (مەنەلۆگ) لە شوێنکاتی ڕووداوەکان بە هاوکاری ژمارەیەک کارەکتەر وەک (حیکایەتخوان و فریاد، کاروان، ڕزگار، گزنگ) کە بوونی ئەو کارەکتەرانە نەیتوانیوە ئیزافەیەکی گرنگ بخاتە سەر دەقەکە. فەنتازیاش

هەکارەکە کە حیکایەتخوان بە هەیوە دەچێتە دەرەوەی جوغزی خیانەتی و دەتە ژوورەوە. واتە خیانەتێکی گرنگ و بایەخدار دەگێڕێ لە چیرۆکەکە. چونکە چنینی ڕووداوەکان بەجۆرێکە بواری کەمی بە خوێنەر هیشتۆتەوە بەشداری ڕووداوەکان بکات. هەرچی زمانیشە کە ئەو چیرۆکەی پێنووسراوە، زمانێکی ڕەوان و کوردییەکی پەتیی سادە و جوانە. لەووی ڕێنووسیشەوە، هەرچەندە گۆڕاری کاروان (خوولی یەکەم) تا ئاستێک پەیڕەوی لە ڕێنووسی کۆڕی زانیاری کورد دەکرد، بەڵام بە وردبوونەوە لە ڕێنووسی ئەم چیرۆکە دەبینی هەڵەی ڕێنووسی زۆر کەم تێدایە و بە بڕاورد بەو سەردەمە(سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو) زۆر لە پێش بووە و تێنانەت دەتوانم بڵێم کە ڕێنووسی چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو" لە ڕێنووسی زۆربەی نووسەرانی ئەمڕۆ دروستتر و چنینی زمانەکەشی جوان و کوردییەکەشی ڕەوان ترە.

ئەنجام

چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو" هەوڵێکی جوان و سەرکەوتووی چیرۆکنووسی کەچکردوو عەبدوڵا ئەحمەد سادقە، کە لەنێو واقیعی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی شارێکی پیشەسازی وەکو کەرکووک ویستوویەتی بە تەوانینێکی چینایەتییەوە، لە کەشێ گەورەی جیاوازی چینایەتی بدوێ و لەڕێگەی تەوزیفی شوێنەوە و بە هونەرێکی جوانەوە، لە پایەکانی هەڵکشان بەرەو داهێنان نزیک بێتەوە. چیرۆکنووس ورد لەسەر پەیامی سیاسی – چینایەتی چیرۆکەکەی ئیشی کردووە گەرچی بەهەی ناڕەشنی و نەبوونی ئاگایی تەواو لەسەر بنەماکانی خەباتی چینایەتی نێوان کرێکاران و بەرژوازی و تێنەگەیشتنی ورد لە نیزامی سەرمایەداری، نەیتوانیوە پەیامێکی ڕەشن بگەیەنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەوڵێکی سەرکەوتوو دادنرێ لە پانتایی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە بە گەڕان بەنێو ئەو بزووتنەوەیە و مێژووەکەیدا ڕەنگە ئەو بەرهەمانەی لەئاست ئەم چیرۆکەن، لە پێنجەکانی دەست تێپێ نەکەن.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

١- تەنها حەوت هەنگاو نووسینی عەبدوڵا ئەحمەد سادق گۆڤاری کاروان ژمارە ١٦ کانوونی دووەم ساڵی دووەم ١٩٨٣ لاپەڕە ٥٦ و ٥٧.
٢- نموونەش بۆ ئەو دەقانە چیرۆکی "ئامردەکان" ی چیرۆکنووسی

کەچکردوو محەمەد موکری و هەروەها چیرۆکی " دووربین" ی حەمەفەریق حەسەن و شیعری " دوا نامە" ی هەڤاڵ کۆستانی و زۆری تر کە ئەو سەردەمە لە سەر هووپەی هەژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەبوونەوە.
٣- هەیکەشی دەگەڵتەوە بۆ دزاین و شۆڕشی هەژئاوایی خانووکانی شەریکەی نەوت کە ئینگلیزەکان(دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی نەوتی ئینگلیز) لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ کرێکارانی کەمپانیای نەوت دروستیان کرد. دیارە کە ئەمبار و ئەوبار بەو جیاوازییە وەسف دەکەین لە واقیعدا خودی ئەو جیاوازییە زۆر بەرچاویی نییە، چونکە لە بەشی باکوریش گەلە خوێندەوار و سیاسەتمەدار و هونەرمەند و ئەدیب و نووسەری تیا هەڵکەوتووە و هەنگە لە بەشی باشووریش هەبن نەخوێندەوار یان ئاستی ئاگایی لەئاستی پێویستدا نەبووبێ. ئەوەی زیاتر مەبەستە گۆشەنیگای نووسەرە کەلەسەر بنەمایەکی دروست بنیاد نەنراوە.
٤- تەنها حەوت هەنگاو نووسینی عەبدوڵا ئەحمەد سادق گۆڤاری کاروان ژمارە ١٦ کانوونی دووەم ساڵی دووەم ١٩٨٣ لاپەڕە ٥٦. بە دەستکاری وەک خەی هەنووس کراوەتەوە.
٥- تەنها حەوت هەنگاو نووسینی عەبدوڵا ئەحمەد سادق گۆڤاری کاروان ژمارە ١٦ کانوونی دووەم ساڵی دووەم ١٩٨٣ لاپەڕە ٥٦ و ٥٧.
٦- لودڤیگ دەیرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەماڵنی فریدریک ئەنگڵس وەرگێڕانی سالار هەشید لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هەشیاری ی ن ک ٢٠٠٥ لاپەڕە ٤٩.
٧- شیعری شەشگۆشانە و پەرجووی هەمەش زینەدووبوون عەبدوڵا سەلمان(مەشخەڵ) گۆڤاری هانا ژمارە ١ خووەی دووەم ٢٠١٦ لاپەڕە
٨- چیرۆکنووس عەبدوڵا ئەحمەد سادق لە ١/١/١٩٥٨ لە شاری کەرکووک لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەشاری کەرکووک تەواو دەکات و پاشان لە زانکۆی موستەنسریە لە شاری بەغدا وەردەگیرێ. ساڵی ١٩٨٦- ١٩٨٧ خوێندنی زانکۆ تەواو دەکات. ژمارەیەک کورتەچیرۆکی نووسیوە و کۆژمارەیان لە بیست کورتەچیرۆک زیاترە. ماوەیەک لە هادیەی ئازادی حیزبی شیوعی کوردستان چەند بەرنامەیەکی پێشکەش کردووە و هەورەها چەند ساڵێکیش مامۆستا بووە لە پەیمانگای لە هەولێر. دواجار لەهەڵکەوتی ١/١٠/٢٠١٢ ئەم چیرۆکنووسە لەتەمەنی پەنجا و چوار ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان و ئەدەب و چیرۆک و داهێنان دەکات.

گۆڕانکاری بە دەستووریکی کات بەسەرچوو ئومێدکی بەهودەیە! ... هیوا ئەحمەد

ئەو باڵادەستی و براوەی مەیدانی شەڕ و هەڕەشەهاوسێنگی سیاسی وسەربازی و ئابووری تازەی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کە چەنیەتی و جۆری ئەو دەستوورو هاوکۆتنە لە نێوانیاندا دیاریدەکات نەک بە پێچەوانەوە!
لە دوای هەواوکانی یەفرانەدەم و ئاشبەتاڵی ١٦ی ئۆکتۆبەر و تەسلیمکردنەوەی کەرکوک و سەرجەم ناوچە جێناکۆکەکان بە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و شکستی سەربازی و سیاسی هێزە کوردیەکان، لە لایەن حکومەتی هەرێم و حیزبە کوردیەکانەوە بەدەسەاتدارو بەناو ئۆپۆزیسیۆنیانەوە باس باسی گۆڕانکاریە بە دەستوری عێراق.

بەڵام گۆڕانکاری بە کام دەستور؟! دەستورێک کە ئێکسپایەر بوە و بە کردەوە چیتر کار بە بەندە هەستیارەکانی ناکرێت! ئەوەی گفتوگۆ و مەرجەکانی دانوستاندن و شێوە و بنەمای پێیوەندی تازەی نێوان دەسەاتدارانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی دیاریدەکاتەوە ئەو هەڕەشەهاوسێنگی و لاسەنگی هێزەی ئێستا وئەمریە کە لەمەیدانی شەڕ و بواری سەربازی و جیۆپلەتیکی و ئابووری و ناوچەیدا بە قازانجی حکومەتی ناوەند و زیانی هەرێم شکاوەتەوە نەک دەستورێک کە لەسەردەمێکی تر وهەڕەشەهاوسێنگیەکی جیاوازتری نێوان ناوەند وهەرێم داڕێژراوە و هاوکۆتنی لەسەر کراوە.

هەرچەندە دەستوری کۆنەپەرستەکەی عێراق لە هاڕی داشتن وبەیاردان لەسەری تا ئەمڕە هەرچی پرسە گرنگ و هەستیارەکانی ناو ئەم دەستورەیە تەنانەت یەک بەندیشیان لەجێبەجێ نەکراوە؛ وەک ماددەی ١٤٠، ناوچە جێناکۆکەکان، بودجەی پێشمەرگە و یاسای نەوت وگاز .. بەڵام ئەمە دەستوری سەردەم و هەلومەرجێکی سیاسی دیاریکراوە لە هەڕەشەهاوسێنگی نێوان هێزە ئیسلامیە شیعی و سونیەکان و ناسیونالیزمی کورد و عەرەب بە باڵادەستی ئەمریکا لە ناوچەکە وعێراقی دوای هاوخاندنی هاژەمی بەعس و سەدام. ئەو کات عێراق لە لایەن سوپای

ئەمریکاوە داگیر کرابوو، حکومەتکی ناوەندی بەهێزی پێچک وسوپایەکی بەهێز بونی نەبوو، ناسیونالیزمی قەومی عەرەبی و ژەمی بەعسکەی ڕوخێنرابوو، هێزە ئیسلامیە شیعی و سونیەکانیش تازە پێیان دەخستە ناو دەسەاتەوە لە عەراق و دەسەاتکی ئەوتۆیان نەبوو، ئەرانیش هێشتا کاریگەریکی ئەوتۆی نەبوو لە عەراقدا، لە بەرامبەریشدا تەنها هێزێک کە یەک دەستترو جگەو ێگەیەکی باەدەستری هەبوو لەچاو ئەوانی تردا ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی کوردایەتی بوو کە چەپڵەدەرو دەستی سیاسەتکانی ئەمریکا بون و بە یەک دێە زیاتر بوو، سەرەای شەی ناوخکێیان و ناکێیکانیان، لە هەرەمی کوردستان دەسەاتدار بوون.

لەم هەلومەرجە سیاسی و هێزهاوسەنگیەدا بوو کە دەستوری عەراق بەسەرپەرشتی پەل برەمەر حاکمی سەربازی ئەمریکا لە عەراق و مەجلیسی حوکم داەژرا. هەر بەهەی ئەم فاکتەرانەوە بوو کە ناسیونالیزمی کورد بە پشتیوانی ئەوکاتی ئەمریکا توانی دەسکەوتکی زیاتر بە بەشداری لە دەسەاتی سیاسی عەراقدا بەخەی بپچەت، وەک فیدەالیەت لە جیاتی ئەتەنەمی، بەشە بودجەی ١٧%، پستە سیادیکان، مادەی ١٤٠ و ناوچە جێناکەکان وبودجەی پێشمەرگە و دەسیەی نەوت و... بەەام ئەمرە ئەو هەلومەرجە سیاسی و هێزهاوسەنگیەی ئەو کاتە کە بە قازانجی حیزبە کوردیەکان بوو گەاوە و ئەمە هاوکێشەکە بەقازانجی حکومەتی ناوەندی و ئیسلامی سیاسی شیعی شکاوەتەوە. ئەمریکا بەەسمی لە عەراق و ناوچەکەدا شکستی سیاسی و سەربازی خوارد و زەر پاشکەشی کردوە و بیاردەری یەکلا کەرەوە نییە لە ناوچەکەدا و ەقیبگەلکی تری وەک ڕوسیا و ئەوروپای لەبەرامبەردا بە پەیدا بووە، ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەوپەی پەرتەوازەیی و دابەشبوندان و نوقمی قەیرانی سیاسی و حوکمەانی و ئابوری بون، لە بەرامبەریشدا حکومەتی ناوەندی و هێزە ئیسلامیە شیعیەکان و سوپا و میلیشیا چەکدارێکانی وەک حەشدی شەعبی لەەوی سەربازی و چەک و جبەخانە و توانای شەکردنیانەوە بەهێزتر بون، بە تایبەتیش دوای کەتایهاتنی شەی دژی داعش و کەتایهێنان بەدەسەاتی داعش و ئیسلامی سیاسی سونی لە ناوچەکانی عەراق و سوریا و پەلاماری سوپای عەراق و حەشدی شەعبی بەسەر کوردستان و داگیرکردنەوەی کەرکوک وهەموو ناوچە جێناکەکان بەپشتیوانیەکی بەهێزی ئەران، هاوسەنگی هێزی بە قازانجی حکومەتی ناوەندی و ئیسلامی شیعی شکاندەتەوە، ئەستا بەپشتیوانی ئەران و تا ادەیەکیش ئەمریکا هەم لەەوی سیاسی و سەربازیەوە باەدەسترن و خێان بە براوەی شەە دەزانن و دەیانەوە تەواوی هەلومەرجەکە و

دەستورو یاساکانی وڵات بەقازانجی خەیان بگۆڕن کە ڕەنگدانەوەی ئەم باڵانسە نوێیە بێت. هەروەها دەیانەوێت لایەوی یاسایی و دەستوریشەوە پاشکۆیەکی زیاتر بەسەر دەسەڵاتی کوردیدا بسەپێنن. هەر بۆیە ئەم دەستورەی ئێستا وەک خەی نامێنێتەوە و گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا دەهێنن و بنەمایەک نابێت بۆ گفتوگۆو ڕێکەوتنەوە لەگەڵ هەرەمی کوردستاندا هەرچەندە حیزبە کوردیەکان لە ئاکامی شکستی خەیاندا جەختی لەسەر دەکەنەوە.

هەڵە سیاسیە شیعیەکان هەر لە ئیستاوە پەیڕەوی لەبەندەکانی ئەم دەستورە ناکەن کە خەیدا ڕەنگدانەوەی ئەم ئاوگۆڕەوهەڵزهاوسەنگیە سیاسیە تازەیەی ئێستایە لە قۆناغەوی حوکمڕانی و سیاسی و سەربازییدا. هەوڵە سەربازیەکان بۆ گەڕاندنەوەی کوردستان بۆ پێش ساڵی ٩١ و کەنترۆڵکردنەوەی سەرجەم دەروازە سنوریەکان، کەمکردنەوەی بڕە بودجەی کوردستان لە ١٧% بۆ ١٢% ، دەنگەی مامەڵەکردن لەگەڵ پارەزگاکان لە جیاتی هەرەمی کوردستان و پێوەندیەکی فیدڕاڵی، دەنگەی باسکردن لەهەمواركردنەوەی دەستور لە لایەن چەند لایەنکی ئیسلامی شیعیەوە، هەوڵبەت گۆڕینی دەستور تەنها لە پێوەند بە کوردستانەوە نابێت بەڵکو تایبەت دەبێت بەسەرجەم پرسەکانی تری عێراقەوە هەر خودی هەناوەوە پڕۆژەی قانونی جەعفەری لەپەرلەمانی عێراق سەبارەت بە یاسای باری کەسێتی و بەیاسایکردنی بە شودانی کچانی تەمەن ٩ ساڵ لە ڕاستای ئەم هەوڵانداین و نیشاندەری ئەوەیە کە دەستور بەمشێوەیەی ئێستای نامێنێتەوە.

بەڵام ئەوەی کە چەندک دەتوانن لەم هەوڵانەدا سەرکەوتوبن ئەوە پێوەندی هەیە بە زەر فاکتەری سیاسی و سەربازی و بلۆکبەندی هەڵە سیاسیەکانی جیهان و بەتایبەتیش ئەمریکا و ڕوسیا و وڵاتانی ناوچەکە و ململانێ ناوخەیەکانی ناو هەڵە شیعەکان و خودی ناڕازایەتی خەڵک بگشتی لەبەرامبەریاندا. بەڵەبەرچاوگرتنی ئەم فاکتەرانە من پەم وانیە بتوانن ئەوەی کە دەیانەوێت بەیان بچتە سەر.

هیوا ئەحمەد
11/11/2017

عەبادی یەکەم چەخماخەی مل ملانێ بۆ رکابەرەکەی دادەگیرسێنێت... حامی ئەحمەد عەلی

عەبادی لەووتاری هەفتانەی خۆیدا دوپاتی کردەوە کەسورە لەسەر هەڵدانەوەی پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو کەسانەی تۆمەتبارن بەهاوردەکردنی داعش بۆ ناو موسڵ، عێراق سەرباری کێشە ناوخۆیەکان و ماڵی لێکترازاوی شیعە کەزەقترینیان کێشەی نێوان مالکی و عەبادیە لەسەر کەوتنی موسڵ، بەڵام لەپرسەی بەناو جێبەجێکردنی یاسادا بۆ خنکاندن و لەباربردنی سیستەمی حکومانی هەرێمی کوردستان زۆر وریانەو پێکەوە کاردەکەن بۆ بەنیشانە گرتنی کورد، شەی داهاتویان لەگەڵ هەرێمی کوردستان شەڕکی دیبلۆماسیانەیەو شەڕکە لەوی سیستەمی کارگێریەوە بەردەوامی پێ دەدەن و بەچەکوشی یاسا لەبەرژەوەندی و سەروەری میللەتەکەمان دەدەن، بەوەی بەنیازن لەپێژە یاسای بودجەی ساڵی(2018)دا لەسەر ئاستی پارێزگا مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا بکەن، نەك پێدانی بەشە بودجە بەپێژەی لە(17%)، لەسەروبەندی نزیك بونەوە لەکۆتایی پرسەی جێبەجێکردنی یاسا و سەرکەوتنی عێراق لەشەی داعش و هاتنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بەدڵاوی شەر بگومان مەرجەکانی عەبادی زاڵتر دەبن و بەزیوی شەڕ لەدانوستانیشدا هەمیشە لاواز دەردەکەوێت، تائێستاش هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەپێژە یاسای بودجەی (2018) لەسەر پشکی هەرێمی کوردستان شاندی دەبێت یاخود لەداهاتودا پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارە دەدات.

چەند مانگێك پێش کۆتایی هاتنی ئەم کابینەیە عەبادی یەکەم چەخماخەی مل ملانێ بۆ رکابەرەکەی مالکی دادەگیرسێنێت، لەئێستادا عەبادی شانازیەکی گەورە بەخۆیەوە دەکات بەوەی بەناوی پرسەی جێبەجێکردنی یاساوە دەستی بەسەر زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکاندا گرتوەو بەگوتەی خۆی پرسەکەش تاکۆنترۆڵی سەرجەم کێگە نەوتیەکان و خانە سنوریەکان و سەرچاوە دارایەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت، ئەم پیاوە دەرگای لێدوانە ئاگرینەکانی دژی ئەو کەسایەتیە سیاسیانە کردۆتەوە کەتۆمەتباری کردون بەکەوتنی موسڵ

لەسەر دەستی داعش لەناوەڕاستی ساڵی (2014)دا، چاودێرە سیاسیەکان پێیان وایە لێدانی زەنگی دەستپێکردنەوەی لێکۆڵینەوە لەوداوەکانی موسڵ لەلایەن عەبادیەوە بانگەشەی خۆسازدانە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئایاری ساڵی داهاتوو بەو پێیەی تائێستا لەئەنجومەنی باڵای دادوەری دژسیەی کەوتنی موسڵ یەکلایی نەکراوەتەوە بەکو لەژێر فشاری سیاسیدا وەك ڕاگەیاندنەمەکەی کوردستان سڕاوە، لەکاتێکدا بەپێیی دژسیەکانی دادکای باڵای تاوانەکان تەمەتباری سەرەکی کەوتنی موسڵ مالکی و کۆمەڵێك ئەفسەری پلە باڵای سەربازین، هەروەها ئەندامانی لیژنەی بەرگری و ئاسایش لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق زۆرێك لەبەگەی هەکاری کەوتنی موسڵیان لایە کەنەدراوەتە دادگا، چونکە زۆربەیان لایەنگری (مالیکی)ین دەیانەوێت ئەو دژسیەیە بەتەواوی دابخەن، لەهاوینی ئەمساڵدا لەلایەن (موقتەدا سەدر)ەوە هەمەتی کۆکردنەوەی ملیۆنێك واژۆ بۆ دادگایکردنی تەمەتباری سەرەکی موسڵ و سپایکەر ڕاگەیەندراو سەرکی ڕەوتی سەدر خۆی یەکەم کەس بوو بەواژۆکەی هەمەتەکەی ڕاگەیاند، ئاماژەکانیش لەدادگاوە وای بۆ دەچێن ئەو دژسیە لەماوەیەکی نزیکدا بجوڵێنرێت تەمەتبارەکانیش بەپێی مادەی (4)ی تیرۆر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

بۆیە دەبێت ئەرکی سەرەکی پەرلەمانی کوردستان لەنزیکترین کاتدا ڕوو بەڕوو بونەوەی ئەو هەڕەشانە بێت کەحکومەتەکەی عەبادی دەیەوێت لەڕێگای ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بمانکاتە نیشانەی مەرامەکانی خۆیان بەناو یەکپارچەی خاکی عێراق و سەروەری یاساوە هەڕەمی کوردستان بگۆڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی ژەمەکەی سەدام حوسێن.

پێویستبونی سەربەخۆیی کوردستان لەپێناو قرتاندنی هیلالەکەی شیعەدا … عیماد عەلی

دیارە هەموو هەوڵێکی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ دوارۆژکی دوور لە ناوچەکەی خۆمان و کەنداو دا، لە نەهێشتنی سەقامگیربونی هیلالی

شیعه (ئەگەر وەك تەكتیكیش بواری بدەن دروست بێت) و دروستنەبونی ئیمبراتۆریەتی فارسە، بەو حەدەی بواری نەدەن بە رەهایی زاڵ نەبێت بەسەر سەرجەم موقەدەراتی ناوچەكەو نەوتەكەیدا، بەڵكو مەبەستی سەرەكی ڕۆژئاوا راگرتنی هاوسنگی هێزە.

گرنگترین و گەورەترین هەنگاوی ئەمریكا لە مەر عیراق و پشتگیری كردنی دەسەڵاتەكەی ئەمڕۆی و پشت كردنە كورد یان لەمپەر خستنە بەردەم سەربەخۆیی كوردستان، لە پێناو مانەوەی عیراق و تەنانەت بەهێزكردنیەتی بەو نیازەی عیراقێكی بەتوانا و پر قودرەت و خاوەن سەركردایەتیەكی دوور لە ئێران دروست بێت و ڕێگە لە تەشەنەكردنی هێزی ئیران و زاڵبونی بگرێت لە عیراق و ناوچەكە و، بەو هیوایەی سەركردایەتی سیاسی عیراقی جیاواز بەو ئەركە هەڵدەستێت و لەو بارەشەوە چی لە خۆفەرزكردنی مالكی بە سەر كورسی دا سەپاند، بە یارمەتی ڕۆژئاوا بوو كەچی دواتر گەرایەوە بۆ باوەشی ئیران، ئەم ئامانجەی بۆ نەهاتەدی و ئەمڕۆش عەبادی بەهەمان ڕێرەودا دەروات و ئەمریكا بە نیازە نەهێلێت ئەو كارە دووبارە بێتەوە و، عەبادی میلیشاكانی حەشد لە چوارچێوەی سوپا لە لایەك ڕێكبخات و بەشێكی تریان هەڵوەشێنێتەوە و كلك وگوێ بكات و توانای سرینەوەی دەستڕێشویی ئیران هەبێت، یان هەر هیچ نەبێت ڕێگەی كەم كردنەوەی خۆسەپاندنی ئەو دەسەڵاتە لە عیراق بگرێتەبەر. لەو پێناوەشدا ئەوەی لە ئەمریكا چاوەڕوان نەكرا كردی و، كوردی لەو بارەوە پشتگوێ خست و ئەگەر بۆی بچێتە سەر سبەیش دەسەڵاتێكی تر یان ئەێتەرناتیڤێكی دەستكەوێت پشت لە خواستەكانی هەسەدە لە كوردستانی ڕۆژئاواش دەكات.

ئەمریكا لەم ناوچەیە كۆمەڵك كردەوە لەسەر ئەرز پیادە دەكات كە هەر هەموو تەنها بۆ مانەوەی ڕێگەكراوەیی ڕێشتنی نەوت و پاراستنی بەرژەوەندیەكانی ترە لەم ناوچەیەوە و لەو ڕێگانەش كە دیگرێتەبەر:
*هەوڵدان بۆ مانەوەی هێزی عەسكەری ئەمریكی بۆ كاتێكی نادیار و یارمەتیدانی عیراق، بۆ مەیسەركردنی سەقامگیریەك كە دوور بێت لە پشێوی و گۆڕاو، ئەگەر لەسەر حیسابی ئامانجەكانی زەرەك لە پێكهاتەكانیش بێت و لە پێشەوەیان كوردیش.
*هەوڵدان بۆ دەستەبەركردنی ئاسایشی زەر وێاتی ناوچەكە و لە وانەش ئەردەن و تارادەیەك میسر و سعودیە و وێاتانی كەنداو بە گشتی لە پێناو دیاری كردنی سنوری ئێران و نزیككردنەوەی عەرەبەكان لە عیراق لە لایەكی ترەوە.
*تەمێ كردنی توركیا بە پاراستنی هێزی هەسەدە تا ماوەیەكی

دیاریکراو و تارادەیەکی باش یارمەتیدانی عەسکەری و سیاسیان تا ئەو کاتەی تورکیا بگەڕێتەوە تولە ڕێگای خۆی، وەك ئەندامێکی ناتۆ و ملکەچ بێت بۆ ڕۆژئاوا و، ئەگەر بکرێت دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆش بە باکوری سوریا بە گشتی ببەخشێت نەك کورد بە تەنها لە کوردستانی ڕۆژئاوادا.

ئەگەر ترامپ ئەو هەڵەیە بکات کە ناوەخۆی ئەمریکا و وڵاتانی ئەرۆپاش نارازین و، ڕێککەوتنە ناوەکیەکە لەگەڵ ئێران هەوەشێنێتەوە، قازانجێکی زۆری دەبێت بۆ هەندێك لایەن و، لەو ناوەشدا پاش ئەوەی ماڵیکردنی عەبادی بۆ ئێران یەکلادەبێتەوە کە بە هەمان شێوەی مالکی تا ئێستا لەسەر هەردوو حەبلەکە یاری دەکات بۆ ئەمریکا، بەڵام لە دواجار بە باشی دەردەکەوێت، کورد یەکەم لایەنە قازانج دەکات و ئەوسا هەموو هاوکێشەکان یەکلایی دەبنەوە و تەرازووی هێز بە ڕەهایی دەگۆڕێت . ئەمرۆش وا بەڕەو کۆتاییهاتن بە داعش دەڕین و هیچ پاساوێك لەبەردەم عەبادی دا نامێنێت بۆ بە کراوەیی هێشتنەوەی عیراق وەك باخچەی پشتەوەی ئیران تەراتێنی تێدا بکات و، دەستڕێشویی و هاتن و ڕێشتنی قاسمی سولەیمانی و پێکهێنانی هێزی میلیشیای سەر بە ئێران و هەرەشەکردن لە ئیسرائیل هەموو شتەکان لەناودەبەن، بۆیە ڕێگەکان تادێن ڕوونتر دەبنەوە و، هەموو ئامانجی ئەمریکا فەرزکردنی ئاشتەواییە لە عیراقێکی بەهێز بۆ لەبەرچاوگرتنی نیازی مەاسدراوی شیعە و هاوپەیمانێتی عەقیدی و مەزهەبیان، سەرەڕای دانانی سەرۆك وەزیرانێك بە هەوڵی دەزگا موخابەراتیەکانی بەریتانیا و رازیبونی ئەمریکا و بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان، کەچی تا ئێستا شکستیان هێناوە لەوبارەوە و ئامانجە تایبەتیەکانیان نەپێکاوە.
بۆیە قورسایی وەزعی کوردستان لەمەر ئەم هاوکێشانە بە دوو شت بەستراوەتەوە:
*خۆڕکخستنەوە و دڵزینەوەی ڕێگەی هاوکاری و هاوپەیمانێتی نێوان لایەنەکانی کوردستان و فەرزکردنی سەقامگیری وتەبایی و وەلانانی ناکۆکیەکان وەك ئەولەویاتی گرنگ، سەرەڕای شکستەکان تا ئێستاش هەر لایەك لە ئاوازێك دەخوێنێت و جگە لە بەرژەوەندی تەسکی حزبی هیچ شتێکیان لەبەر چاو نیە.

* سەبر گرتن و ملنەدان بۆ داوکاریە ناماقوڵەکانی عەبادی و هیشتنەوەی پشکی ریفراندەم و سەربەخۆیی بە گەشاوەیی بۆ هەر گرانکاریەکی چاوەڕوانکراو کە لە چەند مانگی داهاتوودا ڕوودەدات و، بە تایبەتی لەدوای هەڵبژاردنەکانی عیراق یەکلایی دەبێتەوە و

کاره نهێنی و هاوپەیوەندیەکانی ئێران و عیراق و پیلانەکانی بۆ ئەمریکا و هەمولایەك رووبەڕووەوە، نەك خۆبەدەستەوەدان و تانەلەیك دان و هۆکاری شکستی کاتی خستنە پاڵ یەکتر و هەوڵی تۆمەتەسەندنەوەی حزبی و کەسی .
گرنگترین شت و خاڵی یەکلاییکەرەوە ئەوەیە کە مەیلی عەبادی بۆ ئێران دەردەکەوێت، نەك تەنها ئەوە بەڵکو لە ناوچەکەش ئەوە روون دەبێتەوە کە دەسەڵاتی شیعە خۆی لەم هیلالەدا فەرز دەکات. لەوێشدا جگە لە هەوڵی برین و قرتاندنی هیلالەکە نەبێت هیچ شتێکی تر لەبەردەم ئەمریکا و وڵاتانی کەنداو و تەنانەت تورکیاش دا نامێنێتەوە. هەر لەوێشدا ناخ و بیر و حەقیقەتی دەسەڵاتی عیراقیش بۆ هەمووان دەردەکەوێت، کە جارێکی تر ناگەڕێتەوە باوەشی عەرەب و لەوێشدا دیسان جگە لە هەوڵی نەهێشتنی فەرزکردنی ستراتیجیەتی ئیمبراتۆریەتی فارس هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەمدا نامێتەوە. ئا لەو کاتەشدا هەمووهەلەکان مەیسەر دەبن بۆ هەموو بریارێکی کورد.

ئەگەر ئەم نامەیەی تیلەرسون لە کاتی بریارە ئازایانە و ڕاست و ڕەواکەی ریفراندۆمدا وەرگیرابا، ئەوا ڕێگاکەی ئۆمەش زیاتر ئاسانتر و ڕۆشنتر دەبوو. لە نێو ئەم هیلالەدا جگە لە ئۆمە هیچ پێگەیەکی ئاسانتر نامێنێتەوە بۆ هیلال برین و نەهێشتنی بەردەوامی و بەربەست دروستکردن لە پێش بەرژوەندیە گەورەکانی زلهێزەکانی جیهان و ناوچەکەش .

ئیستاش نەچووە بچێت، بەرگەگرتن بەم وەزعەوە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕێگە فراوان و دەرگا کراوەیەی کەلە ئاسۆی نزیکماندا دیارە . بەمنەتی ئێرانیش لەم کاتەدا لە دەرئەنجامی هەڵە و کەموکورتیەکانی ئەمریکا و یەکگرتنەوەی بەرژوەندیەکانیانە لەم کاتەدا. کاری کتوپڕی و خێرای پێویست بە تاکتیکی وڵاتان و ئامانج خوێندنەوەیان لە ئەستۆی کورد و عەقڵمەندانی کوردستانە نەك ئاوەدەبوانی کاری حزبی تەسك و کۆبرکێی نابەجێی ناوچەیی و حزبی، بۆیە هیلالی شیعە بە کوردستان نەبێت ناپچڕێت و هیچ هۆکارێك و بەربەستێکی گەورەشنیە کە نەهێیت دروست بێت، مەگەر لێدانی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە کە ئەوەش بەدیهێنانی ئامانجەگانی کورد ئاسانتر و نزیکتر دەکاتەوە .

سەدیەکە شەشکەم لە نووخەمدا هەگرتووە! ... عەبدوللا سلەمان- (مەشخەل)

بۆیادی سەد ساڵەی بۆرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن ...

سەدیەکە ئۆگرمووە چیرۆکی کۆتن و هەستانم
سەدیەکە لەنۆو زریای تۆنیایدا هاوپشتیم و
کانیاوم بۆ وزەی خەبات و کۆستانم
سەدیەکە هاواری بۆرزم لەسەرزار
هەزی ئۆژنەم بۆ هەنگاوی چارەنووسسازی کرێکار
سەدیەکە من میلادی گەرانییەکم بەسەر لەوی زنارەوە
گڤیەکم لەسەر سینەو بەربەرەکی کۆنارەوە
لە پەدەشت بۆ یان لەسەر چیا
ئاڵایەکم لەسەر دووندی خەباتی سوور دەوانەم چوارگۆشەی تاریکی دنیا
ورد دەبمەوە لەو پەرجووی کۆیلەتی کرد بۆ ئۆفسانە
لەو تەکشانە جوانانەی سینەی سەردەم کە هەناسەی تیا تاسانە
سەربردەم باڵندەیەکە لە ئاسمانی ژیانی چۆساوە نەبە لەک نادا باڵ
من ئەو دەسیە دانەخراوەم
هیچ خۆنەکەم نانەمە چاڵ
سەدیەکە بریندەکەم سەردەکەشم بۆ حەوشە و ناومالەی یەک یەکی کارگەران
دەبمە باسی سەر سفرە و نان
ئەو مەتیقەم هەر دەچمەوە لای لینین و دەبمە کتێبە لە خەندە
دەبمە ئاوێنەی هەتاو و ئەو ئاسۆیەی کە ژگاری پەوە بەندە
سەدیەکە من بەپەوەم بازووم وەک جاران بگوڕە
بۆ تینوەتی دەمی ژیان
ڕوحم لەزمە بارانەکە و زەر بەخوڕە
سەدیەکە مژدەی پەچراوم لە هیوا
تروسکەی ئەو چلچرایەم تاریکی تار دەکا لە لووتکە و لەشیوا
سەدیەکە پەنجەرەی هیچ تاسیەکم نەبینیوە
ئاونگی ژگاربوون نەنێتە سەر دیدە
سەدیەکە شیعرەکی ئۆزبەرکراوم

وشەکانم هەتوانن بە زامی ژیانی ئینسانی ستەمدیدە
کە گوڵێک لە ئینجانەی هەوێنی خەباتی چینایەتی کرێکاران دەتە
وەرین
من تووڕەییم سەردەکا و دەبێتە لافاوی ڕق و
نەفرەتم دەنگ دەداتەوە بە پانتایی دونیای بەرین
سەدەیەکە بووم بە چاو
بووم بە خوون
بە کتێب و
بەهەتاو و
تروسکەی هیوام بەخشیوە تاوەکو ژیان جوانتر بێ
تا زاری ئازادی بێ ترس ڕەوانتر بێ
سەدەیەکە دەریایەک فرمێسکی چاوەڕوانی و بێکەسیی
حەماماڵێک لە خوێنی جەنگ و
شارێک لە گۆڕستان بوون بە ناسنامەی سەفەرم
ڕەگاکانیان لە قفل دام تروسکەی چاوانیان بردم
خەزگەکانی دەیان دزیم
دایان بەدەم ڕەشەبای ڕەشی خەیان و قەت نەمردم
سەدەیەکە پەرجووی بوونم بەهارێکی نوێیە بە ژین
هەرچی ڕەژە دادەگیرسێم گەم بەردەبم لە تاوان
هەتا ئینسان هەموو یەکسان وەک یەک بژین
سەدەیەکە جریوەی باڵندەی ئومێدەکم گەورە
سەبەری ژێر کەپری هاوینم بە بازووی کرێکارانی جەربەزە
سەدەیەکە سەدای سروود و
هاواری یاخیبووونم لەلا بەرزە
لەهەناوی ڕەژەکان تەمی سەر شەستە و
کاژەی کارخانەی لەوار شارانم
لەزمەی بەهەزی بارانم
سەدەیەکە من لە بەتەی باوەڕکدا دەتوەمەوە
کە بەر لەوەی بەرپا ببم
نەبوو هێندە دەنگوباسی
لە ژینەکدا چاوم پشکوت
کە ئاسمانی لەوانلەوە لە غەدر و زوڵم و کەساسی
ئەمستاکەش پەپوولەی پەکەنینی خەم لەسەر گوڵی لەوی منالی کرێکار
ناگەمەوە بە لەشاوەک قاقا و کەوک لە زەردەخەنەی ژەردەستی
ماچی نەشمیلەکی ئالای سوور بەدەستی سەر جادەکان
دەکەم بە تابلۆی پڕ عەشقی شاری جوانی و خەباتی چەوساوەکانم
سەدەیەکە پڕەی هەورم دووند و سەر لووتکەی خەباتی چەوساوەکانم

گرتوو
لە ئاسمانە بەرزەکانی تەکەشانا بە سەدان خەزگەی جوان جوانم
بە نەو باخچەی دەی ئینسان داگرتوو
بە پردی مەحالا سەرکەوتم و نەکەوتم
بووم بە دار و بووم بە ئاو و بووم بە لافاو
بووم بە خەون و دنیایی
وەکو هووبار لرفەم دەهات هام دەماڵی ستەم و غەدر و تانیایی
شەقامەکانم ماڵی کرد شەپۆڵی هەستانەکی مەزنم دایە شان
هەر بە وەی ئازاد و یەکسان بین تەمەن و ژیانم بەخشیە خەبات و تەکەشان

ئەیلوولی ٢٠١٧

شیلاقە … سەردار جاف

لە کام کونجی
مەینەتەوە هەاتووی و
لە سەراغی چی نوقم بووی ……!!
خەم بەرەو کام ئەپارتیمانی سەوزی بردووی ..؟
باەکانت با بە زنەی
چاوەکانم تەتە بن و
هیچ قانگ نەدر
لە کام زەنورئاوای نامە سەرهەگرتووی
دییەکانت ئەستا ئاشنای سەوزی درەخت و سروشتە
کەچی ئازیز تە لە خەزان
خەت دەرخست و درەنگ هاتی
ژاەە سەر زاری تەنیوم
خورپەیەکی کەللەسەر و تیلمی پلانی ئەو دەەی
لە سارایا رووتبوومەوە
ئەوکی وشکم …… تینوو .. تینوو …
لە خەرئاوا هەهاتیت و
لە دەمما تە وەك نەباتی
ئەی شیلاقە جوانەکەی من

زۆر دەمێکە چاوەنوارم
لە بەهاران جوان دەبیت و
پاییزانیش باهەکانت دەقرتێنی
دەزانی سەهۆڵبەندانی ئەم گەرمایە .....
چ ئاشوب و وەیشوومێکە
لە گەڕ شەپۆلی دەریادا ، مت مت دەبی و لرفەت کپە
بە هەنسك و هەستەکانما روحی جوانت دەچرپێنی

2017 / 11 / 12
ئەمانیا